بازرگانی: پاڕێشتی دارایی بۆ ئاسانکردنی هێناردەکردنی بەرهەمە ناوخۆییەکان دەکەین



بازرگانی عێراق دەڵێت، کاردەکەن لەسەر میکانیزمێک بۆ ئاسانکردنی هێناردەکردنی بەرهەمە ناوخۆییەکان و دەشێت، پاڕێشتی دارایی بۆ ئاسانکردنی هێناردەکردنی بەرهەمە ناوخۆییەکان دەکەن.

ئەمە دووشەممە ٢٨ـی تەمموزی ٢٠٢٥، وەزارەتی بازرگانی عێراق باویکردەوە، کاردەکەن لەسەر میکانیزمێک بۆ ئاسانکردنی هێناردەکردنی بەرهەمە ناوخۆییەکان.

باس لەوەشدەکات، ئەو میکانیزمە بریتیەلە دانانی سیستەمێک کە یارمەتی وەبەرهێنەران و پیشەسازییەکانی عێراق دەدات بۆ بەرەوپێشبردنی بەرهەمکانیان بۆ هێناردەکردن.

ئاماژە بەوەشکراوە، هیوادارن بتوانن لە ڕێگەی ئەو میکانیزمە نوێیەوە ٢٠٠ بەرهەمی ناوخۆیی عێراقی هێناردەی دەرەوە بکەن.

هاوکات دەشێت، حکومەتی عێراق گرنگیێکی گەورە دەدات بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچوون تایبەت بۆ پیشەسازی و وەبەرهێنانی ناوخۆیی عێراق.